

دڵی ڕۆژهەڵات

**لەدوورەوە بۆ ژنەکان دەڕوانم**

چیم بینی
نیشتمان وا لەسەر هەور و
لەژێر پێی ئەواندا
باران دەبارێنێ،
زەوی پڕ دەکات لەخۆی و نەستی ئەوان و
ژێر پێیان تەڕ تەڕ دەکات
بەفرمێسکی خۆی.
هەموو تەڕی ئەوان
بە کزەبایەك دەبێتە
پارچەیەك لە سەهۆڵ و
گەرمی ئەوان سارد دەکاتەوە
و
ژنەکان دەکات بە پارچەیەك لە میهر و
دەریایەك لە شەپۆل و
ئاسمانێکی نەوڕەس ئاسا
لەدایک دەبێ.
لەگەڵ وەرینی پەڕەی گوڵێکدا
خەمی ئێمەی ژنیش لە دایك دەبێ و
لەگەڵ فرمێسکی هەوردا
خەمی منی ژن ئاساش

دەوەرێ.

لە تاریکی شەودا

مۆمی ژنبوون و

کەرۆژی رووناکیکشدا

گڵۆپی ژنبوون

دادەگیرسێ.

دوای زریکەی خەڵوەتی ژنێ

لە باوەشی نەگریسدا

دوای فرمیشکی

هەواری پر دەکات لەبۆن و

دڕك ون دەبێ و

هەور دادەکات لەفرمێسکی خۆی تا نیشتمانی ژن بشواتەوە.

ژن نانی خەمە و

بەرگی هەژاری ئەدگاری داپۆشیون و

سکپڕن بەئازار.

هۆ ژنە دەم وشکەکە

لەپێش حەوا و ئادەم

بەرگی ئازار و

خەم

دابنێ،

تا تێبگەن

دوای ئەوان ڕەگەزی تۆ

چۆن پڕ بووە

لەکوشتن،

ڕەگەزی تۆ چۆن پڕبووە

لەشەنگال و کۆبانێ و هەڵەبجە

چۆن ڕەنگیان کاڵ بۆتەوە.

لەئاسمانی من و تۆدا

نەرەسەکان

پۆل پۆل دەوەرن بەسەر کێڵگەی پڕ لەبزمار ئاسا.

دڵــــی ڕۆژهــەڵات